*Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê*
*Kurdistan National Congress*
***Congrès National du Kurdistan***
**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**
**KNK**
*Rue Jean Stas 41, 1060 Bruxelles Tel: 00 32 2 647 30 84 Homepage:* www.kongrakurdistan.net *E-Mail:* kongrakurdistan@gmail.com

**تیرۆرکردنی ئیقبال موراد‌ی بە توندی مەحکووم و شەرمەزار دەکەین**

**چالاکوانیی ناسراوی کورد، ئیقبال مورادی لە شارۆچکەی پێنجوێنی سەر بە شاری سلێمانی، بووە ئامانجی دەستی ڕەشی تیرۆرستانی دەوڵەت و بەکرێگیراوەکانی. کە بەداخەوە لە ئەنجامدا گیانی لەدەستدا.**
**ئیقبال مورادی، خەباتکەر و چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ، بە درێژایی تەمەنی بێ پسانەوە لە تێکۆشاندا بووە بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەوا زەوتکراوەکانی گەل کورد و کوردستان. مخابن شەوی ١٧ لەسەر ١٨ی ئەم مانگە لە شارۆچکەی پێنجوێن بەدەستی ڕەشی دوژمنان تیرۆر کرا.**
**لە کاتێکدا لە باشووری کوردستان، ئەمە جاری یەکەم نییە، چالاکوان و وڵاتپارێزانی پارچەکانی تری کوردستان دەکەونە بەر هەڕەشە و تیرۆر کردن. تیرۆرکردنی ئیقبال ورادی دوایین قوربانی هەوڵەکانی داگیرکەران و بەکرێگیراویانە کە لە ژێر سایەی باشووری ئازاد دا دەبێتە قوربانی. گومانی تێدا نییە کە ڕووداوی ئاوا دەرەنجامی بەربڵاوبوونی دەزگا سیخوڕیەکانی دەوڵەتانی داگیرکەرە لە هەرێمی کوردستان. هەروەها کەمتەرخەمیی دەزگاکانی ئاسایش و سەر بە حکوومەتی هەرێمن کە داگیرکەران بە ئاسانی کارە تێرۆریەکانیان بە ئەنجام دەگەیێنن. بۆیە پێویست و ئەرکیشە لە سەر حکوومەت و دەزگا تایبەتمەدەکانی، ڕێ لەبەر ئەم کردارانە بگرن و تۆمەتباران ئاشکرا بکەن و دادگایی بکرێن.**
**موردای لە هەڕەتی لاوێتیدا وەك پێشمەرگەیەك بەشداری شۆڕشی گەلانی ئێرانی کرد. دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت، لە ساڵی ١٩٨٢ مورادی دەستگیردەکرێت و لە زیندانی شاری مەریوانی سەر بە سنە زیندانی دەکرێت. بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زینداندا مایەوە. دوای ئازادبوونیشی لە خەباتی مەدەنیانە کۆڵی نەدا و لە چالاکیەکانی مافی مرۆڤ لە تێکۆشاندا بوو. بۆیە بەردەوام لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە بەر چاودێری و هەڕەشەدا بوو و سەرەنجام لە ساڵی ٢٠٠٥ ناچار بوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێبێڵێت و لە شارۆچکەی پێنجوێنی باشوور نیشتەجێ بێت.**
**ئیقبال مورادی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان بوو و بەبەردەوامی پێشێلکاری و تاوانەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری  کوردستان لە دژی گەل کورد و کوردستانی رادەگەیاند و بەسەر رای گشتیی مرۆڤایەتی بڵاوی دەکردنەوە. هەر ئەوەش وای کرد کە لە ساڵی ٢٠١٨ دا هەوڵی تیرۆرکردنی درا و بریندار کرا.**
**ایقبال مورادی باوکی زانیار مورادی و مامەی لوقمان مورادی یە. زانیار و لوقمان لە ساڵی ٢٠٠٩ لە زیندانەکانی زوڵم و تیرۆری دەوڵەت دا زیندانیی سیاسیین و سزای لەسێدارەدانیان لەسەر سەپێندراوە.**
**ئێمە لە کۆمیتەی مافی مرۆڤی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ك ن ك، دیسانەوە بە توندی تیرۆرکردنی ئیقبال مورادی مەحکووم و شەرمەزار دەکەین و داوا لە دەزگا پەیوەندداره‌کانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی مەرکەزیی عێراق دەکەین کە هەرچی زووە تاوانباران و بکوژانی ئیقبال مورادی بدۆزنەوە و ئاشکرای کەن و دادگایی بکرێن.**
**سڵاو لە گیانی پاکی ئیقبال مورادی و هەموو خۆبەختکراوانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری کوردستان.**
**نەفرەت لە تیرۆرست و داگیرکەران.**

**کۆمیتەی مافی مرۆڤ**
**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان  ك ن ك**
**١٩ ی گەلاوێژ ٢٠١٨**